## کەمپی سوپای میلی تۆبزاوەی ئەنفالکراوان

عەلی مەحمود محەمەد

کەمپی سوپای راهێنانی میلی تۆپزاوە, بە ناوی گوندی تۆبزاوەی449 ماڵەی 11 کم لە باشووری خۆرئاوای ناوەندی شاری کەرکوکەوە ناونراوە, گوندەکە لە ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگدایە لەسەر رێگای حەویجە - تکریت, لە زۆر ناوچەی کوردستان بە هەمان ناوەوە چەندین گوندی دیکە هەیە, گوندی تۆبزاوە لە رێکەوتی 20-5-1987 دوای 20 رۆژ ئاگادارکردنەوە, دوا ماڵی گواسترانەوە, کە هەموویان کورد و کەمایەتییەکی شەش ماڵەی تورکمان بوون. دوای گواستنەوەی هاووڵاتییە کورد و تورکمانەکانی ناوچەکە, بە تایبەت دوای چۆڵکردنی سەربازگەکە بۆ کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان تیایدا, ناوچەکە بووە بە ناوچەیەکی سەربازی, تۆبزاوە بۆ یایچی, بۆ گوندەکانی دوبەك تەپە و کەیوان ....ئاوەدانیان تێدا نەما, جگە لە سەربازو چەکدار نەبێت.
سەربازگەی راهێنانی سوپای میلی تۆبزاوە لە سەر رووبەری 122 دۆنم زەوی لە ساڵی 1979 دەست بە درووستکردنی کراوە, لە ساڵی 1980 تەواو کراوەو کراوەتە سەربازگەی راهێنانی سوپای میلی, لەو زەوییە 20 دۆنمی بۆ 22 هۆڵی گەورەی 25 بە 8 مەتری و ژووری دیکە تەرخان کرا, 102 دۆنمەکەی دیکەی کراوەتە گۆڕەپانی راهێنانی سەربازی بۆ سوپای میلی, راهێنانی سەربازی فەرمانبەران و قوتابیان و خەڵکانی دیکە لە ریزەکانی جەیشی شەعبی کە لە دوای دەستپێکردنی جەنگی ئێران- عێرق توێژێکی بەرینی خەڵك بە زۆر لە لایەن حکومەتەوە پەیوەست بوون پێوەی.

وەك ناوەندی کۆکەرەوەی ئەنفالکراوان سەربازگەی تۆبزاوە, وەك ناوەندی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان لە 7 پرۆسەی ئەنفال " یەك بۆ حەوت" و زیندانیانی هەڵەبجە بەکار هاتووە, رۆڵی ئاوشفیتزی جینۆسایدی جولەکەی لە عێراق بینیوە بۆ پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال, لێرەوە ئەنفالکراوان بەسەر سەربازگەکانی دیکە دابەشکراون" ئەنفالکراوان لە رۆژێکەوە بۆ مانگێك و زیاتریش لێرە ماونەتەوە". تۆپزاوە جگە لە ناوەندی کۆکەرەوە, هەروەها جێگای لێکۆڵینەوەو جیاکردنەوەو دابەشکردن بووە, بۆ دابەشکردن و ناردنی قوربانیان بۆ سەربازگەکان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان, ناوەندی سەرەکی دابەشکردنیش بووە لە بەشی زۆری حەوت پرۆسەی ئەنفال, لێرەوە قوربانیان نێردراون بۆ سەربازگەکانی"دوبس و نگرە سەلمان" و گۆڕە بە کۆمەڵەکان.
دواتر زیندانی دوبزیش بۆتە ناوەندی دابەشکردن بۆ نگرە سەلمان و تکریت, لەوێوە لە تکریتەوە ئەنفالکراوان نێردراون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان, هەر چەندە پێم وایە زیندانی سەربازگەی دووبز هەر لقێکی زیندانی سەربازگەی دووبز بووە.

یەکەم گرووپی ئەنفالکراوان کێ بوون هێنرانە تۆبزاوە؟

ژنێکی لە دایك بووی ساڵی 1955 ناوچەی گەرمیان, بۆ دادگای باڵای تاوانەکان دگێڕێتەوە, دەڵێت "لە گەڵ خەڵکی گوندی محە بارام سوار ترێکتەر بووین بۆ چەمچەماڵ, چوینە گوندی قرخ, لە گوندی قەرەتامور دەستگیرکراین, بارق پیاوە گەنجەکانی جیاکردەوە بە لێدان بردیانی, ژن و منداڵەکان چوار رۆژ لەوێ ماینەوە, پێنجەم رۆژ بە ئۆتۆمۆبیلی گەلابە بردیانین بۆ بارەگای قائمقامیەتی چەمچەماڵ, ئەو رۆژەی خۆپیشاندان کرا لە چەمچەماڵ" دەوترا 11 ی چوار خۆپیشاندان کراوە, هەندێك بەڵگەنامەم لایە بە پێی ئەوان بێت گوایە 12ی مانگ خۆپیشاندان کراوە", هەر ئەو عەسرە بردمانیان بۆ سەربازگەی تۆبزاوە. ئێمە کە گەیشتینە تۆبزاوەو هۆڵەکان هەموو بەتاڵ بوون, ئێمە یەکەم گرووپ بووین بردراین بۆ ئەوێ و کراینە ناو هۆڵە گەورە ساردو سڕەکانەوە, رۆژی دواتر

پیاوە گەنجەکانی سلێمانی ئەوانەی کە لە گەڵ ئێمە بوون هێنایانیان بۆ سەربازگەکە, سێیەم شەو منداڵەکانیان لێمان جیاکردۆتەوە, دواتر گەڕاندیانیانەوە بۆ کەسوکارەکانیان, شەشەم رۆژ پیرو گەنجەکانیان لە یەکتر جیاکردۆتەوە بۆ سێ بەش, هەر ئەم ژنەو ئەوانەی لە گەڵیا بوونە هەمان رۆژ یەکەم گروپ بوونە نێردراون بۆ زیندانی سەربازگەی دووبز.

ئەنفالکراوان لە کوێوە هێنران ؟

زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, ناوەندی سەرەکی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان بووە, هەموو ئەنفالکراوانی پرۆسەی ئەنفالەکانی" یەك, دوو, چوار, پێنج, شەش, حەوت"یان بە گشتی بۆی هێناوە, زۆرینەی ئەنفالکراوانی پرۆسەی ئەنفالی سێ ش, جگە لە ئەنفالکراوانی ناوچەی داوێ بردراون بۆ زیندانی مەرکەز شەبابەکەی دووز.
جگە لە ئەنفالکراوانی ئەنفالی هەشت و کامپی سوپای میلی تکریت "ئەنفالکراوانی داوێی گەرمیان", و کۆمەڵێك لە ئەنفالکراوان راستەوخۆ بردراوان بۆ گولەبارانکردن, وە ئەنفالکراوانی ناو زیندانێك لە نێوان دوبس و کەرکوك, کە زیاتر لە 180 زیندانی تێدا بووە" بە وتەی ئەوان پێش ئەوانیش زیندانی ئەنفالی دیکە لەو زیندانە هەبوونە, دوای لێبوردنی گشتییەکە زیندە بەچاڵ کران, ئەوانی دیکە هەموو هێنراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, لێرە پۆلێن و دابەش کراون, هەندێکیشیان یەکسەر لێرە کوژراون یان مردوونە, وەك لە ئەنجامی پشکنینی گۆڕە بە کۆمەڵە هەڵدراوەکەی سەربازگەی تۆبزاواوەو ئەو وەفاتنامانەی کە بەردەستن دەردەکەوێت.
زیندانەکانی ئێرە, لە تەوارییەکەی سلێمانی" ئەنفالی یەك, دوو, ئەنفالکراوانی هەڵەبجە", کۆیە, تەق تەق, شوان, چەمچەماڵ" قادر کەرەم و باوە شاسواری سەنگاو, ناو سیمەکەی لەیلان و ئالیاوەو قۆڕەتوو و فرقەی چوارقوڕنەو هەولێرو "سپیلك" ەوە هێنراون بۆی.

چۆن و کەی هێنران؟

قوربانیانی ئەنفالی یەك بەم شێوەیە باسی ناردنی خۆیان دەکەن بۆ سەربازگەی تۆبزاوە" خەڵکی سێدەر لە رێکەوتی 5-3-1988 ئەنفالکران, بە دە ئۆتۆمۆبێل بردرانە ناحیەی بنگرد, لەوێوە بۆ چوارقوڕنە (بارەگای فرقەی 4), چوار رۆژ لەوێ مانەوە, دوای جیاکردنەوەی ژن و منداڵەکان لێیان, نێردراون بۆ هەولێر, 5 رۆژ لە هەولێر ماونەتەوە, شەوێکیش لە کەرکوك, دوایی لە تەواری شاری سلێمانی نزیك دوو مانگ ماونەتەوە, لە گەڵ ئەنفالکراوانی پرۆسەی ئەنفالی دووی ناوچەی قەرەداغ, بە 22 ئۆتۆمۆبێل بردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە".
"خەڵکی گوندی سێکانیانی ناوچەی پرۆسەی ئەنفالی یەك, چونەتە ئێران, لە گەڕانەوەیان لە سونێ دەستگیرکراون, "36 کەسیان روفاتیان لە حەزەر دۆزراونەتەوە" یەکسەر بە 3 ئیڤای سەربازی بردراون بۆ شاری هەولێر, دوو رۆژ لە سەربازگەیەکی هەولێر بوونە, دواتر 28 رۆژ لە سەربازگەیەکی دیکە, بە پاس بردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, سێ رۆژ لە تۆبزاوە ماونەتەوە".
یەکێکی دیکە لە زیندانیانی ئەنفالی یەك ئاوا چیرۆکی ناردنی خۆیان بۆ تۆبزاوا دەگێڕێتەوە" 20 کەس لە ئەشکەوتێك گیراون, چوار رۆژ لە گوندەکە زیندنیکراین, دوو شەو لە سەربازگەی سوسێ ماینەوە, چل رۆژ لە تەوارییەکەی شاری سلێمانی, دوایی نێردراین بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە.
یەکێك دیکەی قوربانیانی ئەنفالی یەك دەڵێت" 32 کەس دەستگیرکراین, حەفتەیەك لە گوندەکەیان زیندانی بوونە, لە سەربازگەی سوسێ شەوێك, لە تەوارییەکەی شاری سلێمانیش پێنج شەو, لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ کراوە, دواتر لە پۆلیسی قەزای دوکان بە کەفالەت ئازاد کراون, دوای کەمتر لە مانگێك بانگ کراونەتەوەو جارێکی دیکە دەستگیر کراونەتەوە, دیسان نێردراونەتەوە بۆ

سەربازگەی سوسێ, یەك كاتژمێر لەوێ ماونەتەوە, هەژدە ڕۆژیش لە تەواریەكەی شاری سلێمانی, دواتر نێردراون بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە".
هەرچی قوربانیانی ئەنفالی دووە, ئەوان نموونەی چیرۆكیان بەم شێوەیە دەگێڕنەوە بۆ دادگای باڵای تاوانەكان" پێش سەری مانگی چوار, جاش بە هاوولاتیانی سێوسێنانیان وتووە خۆتان رزگار بكەن, سوپا هێرش دەكەن و دەتان گرن", لە كاتی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال, منداڵ و ژنانیان ناردووە بۆ سلێمانی, بە مێگەلی مەڕەوە ویستویانە خۆیان دەربكەن, گەیشتۆتە تانجەڕۆ, لەوێ دەستگیركراون, بردراون بۆ تەوارییەكەی شاری سلێمانی.... لەوكاتە تەوارییەكە نزیك 500 كەسی لێبووە, ئەو ڕێكەوتە نزیك سەری مانگ بووە 31 ی سێ بۆ یەكی چوار بووە, خەڵكی دیكەش دەستگیركرابوون, دوای هەژدە ڕۆژ مانەوەمان لە تەوارییەكە ئەوجا بردراین بۆ سەربازگەی تۆبزاوە".
لە گەرمیان سەرەتا, پێش دەستپێكی پرۆسەی ئەنفالی سێ, ئەنفالكروان نێردراون بۆ تەوارییەكەی سلێمانی واتا ئەمن, ئەم ئەنفالكراوە ئەوا چیرۆكی خۆیان بۆ دادگای باڵای تاوانەكان دەگێڕێتەوە" لە ڕێكەوتی 5-4-1988 لە قەزای كەلار دەستگیركراون, تا ڕێكەوتی 10-4 لەوێ هێڵراونەتەوە, واتا دوو ڕۆژ پێش پرۆسەكە دەستگیر كراون, نێردراون بۆ تەواری شاری سلێمانی, هەموویان نزیك 180 كەس بوونە, لە ڕێكەوتی 23-4 بە پاس لە تەوارییەكەوە نێردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە".
هەرچی ئەوانەی چواردەی چوار و دواتر دەستگیركران لە پرۆسەی ئەنفالی سێ, نێردراون بۆ سەربازگەی قوڕەتوو, دواتر تاكو جەلەولا بردراون بە ئۆتۆمۆبێل بۆ ئەوەی بیان بەن روو لە باشوور, كۆپتەر لە ئاسمانەوە چاودێرییانی كردووە, لە پڕ فەرمانیان بۆ هاتووەو گەڕاندویانەتەوە بۆ سەربازگەی قەلای قوڕەتوو, ئەوجا نێردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوا, واتا حكومەت ویستی خۆی گۆڕیوە لەو ماوەیە.
لێ ئەوانەی لە سنووری سەنگاو و قادر كەرەم دەستگیركراون, یەك لەوان دەگێڕێتەوە" بۆ سوكایەتیكردن بە گەلەكەمان, لە لیواكەی چەمچەماڵ شەروالی ژن كرابووە چەنچی تراكتۆرا, ئەوان تەنها 45 دەقە لە لیواكەی چەمچەماڵ ڕاگرتراون, جارێكی دیكە سوپا ناونووسیانی كردۆتەوە, لە چەمچەماڵ پێیانیان وتووە هەموو گولە باران دەكرێن, بە هەمان ئۆتۆمۆبێل دوای كەمتر لە كاتژمێرێك گواستراونەتەوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوا".
لە چەمچەماڵ مەقەڕ لیوا و قایمقامیەت شوێنی كۆكردنەوەی خەڵك بوونە, لەوێوە هەندێ بردراون بۆ تەواری شاری سلێمانی, دواتر بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, زۆریش ڕاستەوخۆ بردراون بۆ زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە, یان لە چەمچەماڵەوە براون بۆ هەیئەی ئەمنی كەركووك, لەوێوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە.
بەڵام هەرچی قوربانیانی ئەنفالی چوارە ئاوا قوربانیان چیرۆكی ناردنی خۆیان دەگێڕنەوە" شەوێك لە سەربازگەی سوسێ, شەوێكیش لە تەوارییەكەی سلێمانی, لەوێوە نێردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە.
یەكێكی دیكە دەڵێت" لە ناحیەی تەق تەق ڕۆژێك ماونەتەوە, دواتر بە ئیڤای سەربازی بردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, هەندێكی دی شەوێك لە دەواجنێكی ناحیەی تەق تەق ماونەتەوە, ڕۆژی دواتر بردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە".
لە قۆناغی ئەنفالی چوار, ئەنفالكراوان لە تەوارییەكەی سلێمانی, چەمچەماڵ, تەق تەق و كۆیەو شوانەوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە بردراون.
هەرچی قۆناغەكانی پرۆسەی ئەنفالەكانی 5 و 6 و 7 ە, كە ماوەیەكی زۆری خایاند و كەمترین زیانی مرۆیی هەبوو, بەشێك لە ئەوانەی دەستگیركران لە ڕێكەوتی 30-8 كە دەستگیركراون, ژنانیان بردووە بۆ ناحیەی خەلیفان, پیاوەكان بە ئیڤا یەكسەر بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, منداڵەكانیان بردووە بۆ سەربازگەی سپیلك, بە هەمان ئۆتۆمۆبێل دوای دوو ڕۆژ بۆ ئەمنی هەولێر, دوای 3 ڕۆژ ئەوانیش بردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, بەمەش ئەوان لە ڕێكەوتی 4-9-1988 گەیشتونەتە سەربازگەی تۆبزاوە, دەڵێ 6 مانگ لە سەربازگەی تۆبزاوە ماینەوە,

ماوه ماوه گروپێك زیندانیان دەبرد بۆ كوشتن, بە وتەی ئەمان بێت تا ئازاری 1989 لە سەربازگەی تۆبزاوە ماونەتەوە.
بەلام هەڵەبجەییەكان, ئەوەی لە سنوری سەقزو بانەوە گەڕاونەتەوە, دوای تەواریيەكەی سلێمانی, بردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, هەروەها ئەوانەی لە ناو شار سلێمانی دەستگیركران, برانە ئەمنی بەرامبەر فیرقە, نزیك مانگێك لەوێ ماونەتەوە, ژن و پیاویان جیا كردۆتەوە, دواتر گواستراونەتەوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, لەوێ ژن و پیاویان لە یەكتر جیا كردۆتەوە, سەدو پەنجا كەس لە تۆبزاوە بووە, كاتی لێبوردنی گشتییەكە, لە 8-9 هێنراونەتەوە بۆ شاری سلێمانی لای حەسیب ساڵەح, لەوێوە بۆ عەربەت, ئەوجا ئازادكراون.

ئەنفالكراوان چۆن وەرگیراون

سابیر دوری بەرپرسی ئیستخباراتی عێراقی دەڵێت"ئیستخباراتی عەسكەری كەرتەكانی باكورو رۆژهەلات دیلەكانی ئەنفالیان وەرگرتووە. سابیر دووری لە درێژەی وتەكانیدا بۆ دادگای باڵای تاوانەكان دەڵێت"مەوزومەی ئیستخباراتی شیمالی ئەركی وەرگرتنی خێزانە ئەنفالكراوەكانی لە ئەستۆ بوو, كە فەرحان ساڵەح موتڵەگ جبوری بەرپرسی بوو, ئەمان وەریان گرتوون و تەسلیم تەنزیم شیمالیان كردووە, سكرتاریەتی لیژنەی تەنزیمی شیمال كە بەرپرسەكەی تاهیر تۆفیق عانی بووە وەریانی گرتووە.
خەڵك لە رێگەی سەربازو ئۆتۆمۆبیلی سەربازی, دەبردران بۆ مەوزومەی ئیستخباراتی عەسكەری لە شاری كەركوك, دوای ئەوە رەوانی مەكتەبی تەنزیماتی شیمال دەكران, هەروەها فەرمان لە عەلی حەسەن مەجید و نزار خەزرەجی وەرگیراوە بۆ راپەڕاندنی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و چارەنووسی ئەنفالكراوان.
هەروەها پیاوە ئەنفالكراوەكان لە ئیستخباراتەوە نێردراون بۆ ئەمن, ئەوان وەریانیان گرتووە.
ئەوەی شایانی باسە, لە سەردەمی پرۆسەكانی ئەنفالدا مەوزومەی ئیستخباراتی شیمالی و شەرقی لە ئیستخباراتی گشتی دابڕان, خرانە سەر مەكتەب تەنزیم شیمال, لە ساڵی 1987 بۆ 1989 ئەوەی دەستگیر بكرابایا لە دائرەی قانوونیەوە نا نێردرا بۆ مەحكەمەی تایبەت, بەڵكە رەوانەی مەكتەب تەنزیم شیمال دەكرا, ئەوان بڕیاریان لەسەر چارەنووسی گیراوەكان دەدا.
بەلام ئەفسەرێكی پێشكەوتووی شوعبەی سێ دەڵێت"خەڵكەكە دابەش كراونەتە دوو بەشەوە, یەكەم چەكدارەكان" ئەوانەشی تۆمەتبار كراون یان چەكیان كڕیوە كڕیوەتەوە كە مستەشارو مەفرەزە خاسەكان تەسلیمیانیان كردۆتەوە وەك پێشمەرگە " ئیستخباراتی فەیلەق راستەوخۆ دوای بەناو لێكۆڵینەوە لە گەڵیان كە نەبووە, ئیعدامیانیان كردووە, بێ ناردنیان بۆ دادگا ......". بەشی دووەم خەڵكە سڤیلەكە,ئەوان نێردراون بۆ ئەمنی پارێزگاكان, بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی پارێزگاكە مامەڵەی لە گەڵیان كردووە, زۆریان نێردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, عەلی حەسەن مەجید زۆر متمانەی بە ئەمن بووە, بۆیە ناردویانیەتی بۆ دائیرەی ئەمن".

ژمارەی زیندانییەكان

بە وتەی رائیدی ئەمن سەباح حەمدانی لە ئەمنی پارێزگای كەركوك, كە بە وتەی خۆی بەشداری لە پۆلێنكردنی ئەنفالكراوان و وەرگرتنی ئیفادەیان و ئاماركردنیان كردووەو مونەسقی نێوان زیندانی سەربازگەی تۆبزاوەو زیندانی سەربازگەی دووبزی ئەنفالكراوان بووە, بە وتەی ئەو ژمارەی ئەنفالكراوان نزیك 17000 كەسە. وەلێ جەعفەر موسەوی سەرۆكی دەستەی داواكاری گشتی دەڵێت, ژمارەی ئەو ئەنفالكراوانەی بردراونەتە سەربازگەی تۆپزاوا بە 26000 كەس دیاری دەكات.

بەڵگەنامە نییە لەسەر کۆی ژمارەی هاتن ودەرچوونی قوربانیان لە سەربازگەی تۆبزاوە, لەو بوارە تەنها یەك بەڵگەنامە تا ئێستا بەردەستە, بە پێی بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی ژمارە 25163ی ڕێکەوتی29-10-1988 بۆ بەڕێوەبەری ئەمنی ناو نەبراوی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناردووە, دوای 53 ڕۆژ لە تەواو بوونی ئۆپەراسیۆنی ئەنفال, لە بەشێکیدا دەڵێت" 9030 کەس لە ئەنفالەکان کە لە لایەن ئەوانەوە دەستگیر کراون, پێك دێن لە 2532 کەسی سەڵت و 1869 خیزان, نێردراون بۆ بارەگای جەیشی شەعبی, مەبەستی سەربازگەی تۆبزاوەیە, ئەم ئامارە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە لە تەواریبەکەی شاری سلێمانی و لقەکانی دیکە ئەمن لە پارێزگای سلێمانی نێردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە" بەڕێوەبەری ئاسایشی هەرێمی باکور لە کەرکووك = داوای ڕاپۆرتی پێشەوەچوونی کاروباری دەکرد لە ئەمنی پارێزگای سلێمانی، وەڵامەکەش کە "نهێنی و شەخسی و تەنها ئەو کەسەی بۆی نێردراوە بیکاتەوە" بەم شێوەیە دەست پێدەکات: "بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان: جەنابی بەڕێز بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئاماژە بە گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەمان، ئەو ئامارەی داوای دەکەن ئەمانەی خوارەوەیە ..." "نۆ تێکدەری تاوانبار لەگەڵ هەژدە کەس لە خێزانەکانیان ئیعدامکران، بە پێی فەرمانی مەکتەبی هەڤاڵ علی حسن المجید، نۆزدە کەسی تر ئیعدامکراون لە بەر ئەوەی لە ناوچە قەدەغەکراوەکاندا بینراون و بڕیاری ژمارە 4008ی 20ی حوزێرانی 1987 یان پێشێل کردووە، چل و حەوت تێکدەری تر حوکمی سێدارە دراون لە لایەن دادگای شۆڕشەوە. لە کۆتاییشدا دێتە سەر ئەوەی کەوا " 2532 کەس و 1869 خێزان کە سەرجەم ژمارەیان 9030 کەسە، لەوانەی کە لە ماوەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی قارەماندا گیراون، نێردران بۆ کەمپی سوپای میللی لە پارێزگای تەئمیم (کەرکووك), یان بە واتایەکی تر بۆ تۆپزاوا. " نووسراوی ژمارە 25163 لە 29ی ئۆکتۆبەری 1988دا، لە ئەمنی سلێمانییەوە بۆ ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

هەروەها ئەم بەڵگەنامانەی خوارەوە, کە لە دادگا پشت ڕاستکراوەتەوە, کۆی ناوەکان 1031 ناوەو کە لە چوارچێوەی ژمارەکەی ئەمنی سلێمانی نییە, لە سەرکردایەتی هێزەکانی پارێزگاری نەوت" بارق فەرماندەی بووە" ارکان استخبارات -ژمارە 304 لە ڕێکەوتی 12-4-1988 بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوك, بابەت ناردنی تێکدەران لە پاشکۆیدا 312 ناو هەیە, هەروەها ژمارە 284 یش لە ڕێکەوتی 10-4-1988 لەویشدا 30 ناو هەیە. وە ژمارە 295 لە ڕێکەوتی 12-4-1988 , 151 ناو هەیە, عوائل سلموا انفسهم نەك مخەرب نرسل الیکم العوائل المرفقه والزین سلموا انفسهم الی القگاعات العسکریه فی 11-4-1988 نرجوا اتخاز ما یلزم, هەرەها نووسراوی ژمارە 323 لە ڕێکەوتی 14-4-1988, 399 ناو پێك هاتووە, وە نووسراوێك بێ ژمارە لە ڕێکەوتی 11-4-1988 لە 139 ناو پێك هاتووە, لە خوارەوە ناوەڕۆکەکەی دادەنێین.
"الکتاب صادر من قیادە حمایه النفگ الارکان العامه للاستخبارات الی مدیریه السلیمانیه مدیریه امن جمجمال الموچوع ارسال اشخاص - موچوع ارسال الاشخاص نرسل الیکم الاشخاص مدرجه اسمائهم فی القائمه المرفقه والزی سلموا انفسهم الی قگعاتنا یوم 11-4-1988 بدون الهاربین و المتخلفین من الخدمه نرجوا اتخاز ما یلزم بصدددهم حسب توجیه مکتب الشمال و اعلامنا الاستلام المرفقات 4 قائمه تتچمن 139 اسم".
یەکێك لەم قوربانیانەی کە لەم نووسراوانە ناوی هاتووە, لە گۆڕی بە کۆمەڵ گەڕاوەتەوە, دەڵێت هەندێکمان لە لای بارقەوە ڕاستەوخۆ بردراین بۆ سەربازگەی خالید لە شاری کەرکوك, لەوێوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە کە نزیکی یەکترن.
هەروەها ڕاپۆرتی دەستنووسی ڕۆژانە ژمارە 8280 لە 6ی مایسی 1988دا لە فەرماندەی فەیلەقی یەکەوە بۆ بارەگای ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا نێردراوە تیایدا هاتووە" ڕاپۆرتێکی مەیدانیی ڕۆژانە کە لە لایەن فەیلەقی یەکەوە دەردەچوو، بۆ ڕۆژی 6ی مایس"چوارم ڕۆژی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالی چوار "

تێبینی ئەوەی داوە کە ئەوانەی ئەو ڕۆژە لە نزیك تەقتەق خۆیان بە دەستەوە داوە 60 پیاو، 129 ئافرەت و 396 منداڵ بوون، بێجگە لە 37 تێکدەر" کۆی گشتییان 622 کەسەو ئەم ژمارەیەش لە چوارچێوەی ژمارەکەی ئەمنی سلێمانی نییە.
ئەمەی باسمان کرد تەنها بەشێکن لەو ئەنفالکراوانەی لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە ئەوانەی نێردراون بۆ سەربازگەی تۆبزاوە, ئەمە جگە لەوانەی لە ناو سیمەکەی لەیلان, قۆڕەتوو, کۆیە, تەق تەق و شوان و گوندی جەلەمۆردو بناری خاڵ خالان و ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت و شاری هەڵەبجە" زۆربەیان"و دەوروبەرو گەڕاوەکانی ئێران...... هیچیان بەشێك نین لەو ژمارەیەی ئەمنی سلێمانی داویەتی, هەروەها تا ئێستا ئەم ئامارانەی باسیان دەکەین, ئەنفالی 8 و ئەنفالکراوانی سەربازگەی تکریت ناگرێتەوە, کە ئەوانیش بەشێکن لە کۆی ئەنفالکراوانی کوردستان.

## تۆمارکردن

ئەوانەی بە سواری ئیڤای سەربازی و کۆستەرو ... دەهێنران, بە تایبەت لە کاتی قۆناغەکانی ئەنفالی 3 و 4, چونکە قوربانیانی ئەنفالی یەك و دووش, لە نێوان ئەو دوو قۆناغە گواستراونەتەوە بۆ سەربازگەی تۆبزاوە. هەر ئۆتۆمۆبێلەکان دەگەیشتن, بە خێرایی و راکێشان ئەنفالکراوان دادەگرتران, دەست دەکرا بە رێکخستنیان بە گروپ گروپ, دواتر پیاوانی ئەمن دەستیان دەکرد بە ناو نووسینیان, پێش ئەوەی بیان بەن بۆ هۆڵەکان کاری خۆیان تەواو دەکرد, لە کاتی زۆر قەرەباڵغی بڵندگۆو گۆڕەپانی راهێنانەکەش بەکار دەهێنران.
کە ئەنفالکراوان ناو نووس کراون, زانیارییەکانیان لێ وەرگیراوەو پۆلێن کراون, بە پێی رێنماییەکان, ئەو جا بە پاڵ بە خێرایی خراونەتە ناو یەکێك لە هۆڵە گەورەکانی سەربازگەکەوە.
ئەو پرسیارانەی کە لە زیندانییەکان دەکرا, ناوی سیانی, ناوی سیانی دایك, ساڵی لە دایك بوون, ناو و ژمارەی خوشك و براو منداڵەکان, ساڵی هاوسەرگیری,, پیشەو شوێنی نیشتەجێ بوون.
بۆ پیاوان پرسیاری پێشمەرگایەتی و لایەنی سیاسی و بەشداریکردن لە شەڕیشیان لێیان پرسیووە, ئەوانەی چەکیان لە گەڵیان تەسلیم کردۆتەوە, هەموو بە پێشمەرگە درابوونە قەڵەم. هەندێك جار پرسیاری دراوسێ و خزمی شاریشیان لێ کردوون.
محەمود مستەفا رەسول دەڵێت"ناوی سیانی, کار, خەڵکی کام دێهاتی, چەند منداڵت هەیە و لە کوێن؟, ئەم پرسیارانە دەکران لە تۆبزاوە. پرۆسەی پۆلێنکاری لە تۆبزاوە زۆر هەرەمەکی بووە, بە خێرایی و بێ بنەما بووە, چارەنووسی ئەو خەڵکە لە لایەن ئەو ئەفسەرانەوە دیاریکراوە کە لێکۆڵینەوەیان لە گەڵیان کردوون ", ئەوان چارەنووسی خەڵکەکەیان زانیووە, هەر لەوێ بە هەندێکیان وتووە بۆ مەرگ دەڕۆن.

## جیاکردنەوەو پۆلێنکردن

بە پێی زانیارییەکان ئەوانەی پۆلێنی ئەنفالکراوان یان کردووە لە سەربازگەی تۆبزاوە, سەر بە ئەمنی پارێزگای کەرکووك بوونە. سەرەتا چەند رۆژێك لە سەربازگەی تۆبزاوە ئەنفالکراوان لە یەکتر جیا نەکراونەتەوە, ژن و پیاو و منداڵ و گەنج لەو هۆڵە گەورانەی تۆبزاوە پێکەوە بوونە, دواتر دەستکراوە بە جیاکردنەوەی زیندانیان و پۆلێن کردنیان, دابەش چوار بەش کراون, ژنانی پیر, پیاوانی پیر, پیاوانی 15-50 ساڵی, ژن و منداڵ, ژنانی بێ منداڵی گەنج و کچانی گەنجیش لە هەندێك حالەت جیاکراونەتەوە بەڵام زۆرجار لەگەڵ ژن و منداڵەکاندا بوونە.
لە پرۆسەی پۆلێن کردندا نێرینەی 15 بۆ 50 ساڵی, مامەڵەی تایبەتییان لە گەڵدا کراوە, هەر لە کاتی جیاکردنەوەدا بڕیاری مەرگیان ئامادە بووە بێ دوو دڵی, بە پێی زانیارییەکان بۆ منداڵان کەم

ریك کەوتووە منداڵێك لە پانزە ساڵ و بە سەرەوە بووبێت لەو پۆلێنە رزگاری بوو بێت, بەڵام کەمترەکان زۆر جار تێکەڵ گەورەکان کراون, هەرچەندە زۆرینەی ئەوانەشی رزگاریان بووە لە ژن و منداڵەکان دواتر هەمان چارەنووسیان هەبووە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان خۆیان بینیوەتەوە.
هەندێك لە ئەنفالکراوان لە دانپێنانەکانیان بۆ دادگای باڵای تاوانەکان دەڵێن "لە 12 ساڵی بە سەرەوە منداڵەکانیان برد نەگەڕانەوە, دەستیان لە پشتەوە بەسترایەوە, پێشتر پیاوەکانیان بردبوو, گوێمان لە تەقە بوو هەر لەناو تۆبزاوە".
یەکی دیکە دەڵێت"13 ساڵ بووە کردویانەتە ناو گەورەکان, دایکی بە گریان وەری گرتۆتەوەو هێناویەتەوە, واتا ئەوانەی ئاماریان کردووە, لە خاوەند بڕیارەکان دڵرەقتر بوونە" زۆربەی گۆڕە بە کۆمەڵە دۆزراوەکان ژن و منداڵن, کەواتە ئەوانیش رزگاریان نەبووە لە جیاکردنەوەکان.
پۆلێنکردن بە پێی ناسنامەی باری کەسی نەبووە, بەڵکە هەڕەمەکی بە پێی مەزندە بووە, دەشیا گەورەتر بێت بەڵام بچووك و منداڵ خۆی نواندبێت نەبردرابێت, یان بچووکتر بووبێت گەورە خۆی نیشان دابێت بردرابێت لەگەڵ پیاوەکان.
محەمەد حەمە فەرەج لە دایك بووی ساڵی 1949 خەڵکی سێوسێنانی ناوچەی قەرەداغ دەڵێ, تەسکەرەم پێ نەبوو,"ئەوکات 39 ساڵ بووە " سەرو ریشم سپی ببوو, ئەفسەرەکە وتی بچۆرە ناو پیرەکان, منیش زۆر هەوڵمدا نەمخەنە ناو پیرەکان, یەکێ لە ئەفسەرەکان پێ وتم بەخوا گەنجەکان یەکی ناگەڕێنەوە, لەو کاتەدا ئەوانەی ئاماریان کردووە, بڕیاری لەناو دانیانیان زانیووە, هەر لە سەرەتاوە پێیانیان وتووە ئێوە موخەربین دەتان کوژین, تەنانەت لە چەمچەماڵ پێیانیان وتووە هەموو گولەباران دەکرێن.
لە سەرەتاوە ویستوویانە منداڵەکانیش بە تەنها دابڕن و جیایان بکەنەوە, شەوێك بۆ ماوەی نزیك شەش کاتژمێر منداڵە ساواکانیان لە دایکەکان جیا دەکەنەوە, ئەو شەوە وەك دەڵێن لە بەر گریان و قیژەو فیزاح حەوت تەبەقەی ئاسمان رادەچەڵەکێت, دوایی دەیان گەڕێننەوە, نازانرێت نیازی چییان هەبووە.
تەنانەت ئەوانەشی لە ئامارەکەی 17-10-1987 بەشدارییان کردووە, لەکاتی دەستگیرکردنیان بە رێکەوت لە مردن رزگاریان نەبوو, خاوەر قادر سەبارەت بە سەربازگەی تۆبزاوە دەگێڕێتەوە دەڵێت" منداڵی دوو سێ ساڵیان لە دایکی سەندووە داویان بە زەویداو کوشتویانە. پاشان کەوتوونەتە گیان زەلامەکان. کوڕەکە پانزە ساڵانەکەی خۆی بینیوە لە گەڵ پیاوەکان سەنگاودا گرتبوویان و بۆ ئەوێ هینابویان. کەش و هەوا باو بۆران دەبێت. دوای ماوەیەك گوێبیستی تەقەکردنەکان دەبێت", خاوەر ئەوە دواجاری دەبێت کوڕەکەی ببینێت, ئیتر ببڕای ببڕ نایبینێتەوە.

ئەشکەنجەدان

لە سەربازگەی تۆبزاوە, لێدان هەر لە گەیشتنە ناو سەربازگەکەوە تا دەرچوون لێی هەبووە, تەنانەت لە کاتی هێناندا ژنانیان بە لێدان لە ئیڤاکان داگرتووە, پیاوانیش هەمیشە لێدانیان لەسەر بووە, لە دابەزاندنیان لە ناو ئیڤاکانەوە بۆ سوارکردنیان بە روتی و دەست و چاو بەستراوی دوو دوو بۆ ناو ئۆتۆمۆبیلە داخراوە سەوزەکان, هەموو بە لێدان و پاڵ نان بووە, پیاوە گەنجەکان ئەو چەند رۆژەی لە وێ بوونە, بێ لێدان ئاو و سەمونیان نەداوە پێیان, وە نەیانیان بردووە بۆ سەر ئاو, ئەوە ئەگەر یەکێك بەرگێکی رەنگ و شێوە گوماناوی بۆ ئەوان لە بەر بوایە و ریشی هەبوایە زیاتر دەکەوتە بەر ئەشکەنجە.
بە وتەی زیندانییەکان, لە تۆبزاوە لێدان هەبووە, فەلاقە کردن و بەستنەوە بە پانکە و داخکردن و شەق وەشاندن, لە هۆڵێکی تایبەت زیندانییە پیاوەکان لێیان دەدرا, پیاوە گەنجەکان روت کراونەتەوە,

تەنانەت بە روتی و دەست و چاو بەستراوی, لەبەر سەرمای بەیانی زوو دوو دوو پێکەوە بردراون بۆ کوشتن, لەو کاتە بێ پێلاو تەنها شۆرت لە پێیان بووە خراونەتە ناو ئۆتۆمۆبیلە داخراوەکانەوە.
بەو سەرمایە جل و بەرگی پیاوانیان داکەندووە, بە دەرپێیەك کورتەوە, ئاویان کردووەتە ژێریان لە ناو هۆڵ ساردە بێ پەنجەرەکان, لە خەڵك دراوە بە کێبڵ, بە تایبەت گەنجان ئەو کاتانەی بردویانیانە بۆ سەر ئاو, هەروەها سەری گەنجەکانیان سفر کردووە. ناسنامە, پارە, سەعات, شانە, ئاوێنە, تەزبێح, مووکێش,....چی لە گیرفانیان بووە لێیانیان سەندووە. زیندانییە پیرو ژنەکان بە چاوی خۆیان ئەشکەنجەدانی گەنجە پیاوەکانیان بینیوە, تەنانەت لە پیرەکانیشیان داوە.

بارودۆخی ژیان

لە سەربازگەی تۆبزاوە, بارودۆخی ژیان زۆر سەخت بووە, دوای ئامارکردن, زیندانییەکان بە پاڵ و لێدان کراونەتە ناو هۆڵە گەورە ساردو سڕە تاریکە شێدارەکانەوە, گڵۆپ لەناو هۆڵەکان نەبووە, دەڵێن روناکیمان نەبینی تەنها لەو کاتەی دەچووینە سەر ئاو, خواردنی خراپ تەنها سەمونە رەقێك بووە رۆژانە, زەوییەکەی پیس و شێدار, بێ بان و بن و پانکەش بە خێرایی بەردەوام پێ کراوە, بایە ساردەکە لە زەوییە تەڕەکەی دەدا زیاتر ساردی کردووە, لە گەرما پانکە نەبووە لە سەرما پێیان کردووە, پێ کردنی پانکە لەو سەرمایە بەشێك بووە لە سزا دان.
جار جارە چای و سەمونیان داوە پێیان, هەندێك جاریش شۆربایەك پیس زۆر جار نیسك بووە, پاشماوەی قزعەی سەربازی, یان شلەیەکی چەور, لە برسان پارچە سەمونیان لە دەرەوە کۆکردۆتەوە, شیر نەبووە بۆ منداڵ بۆیە بەردەوام لە برسان گریاون, دەست بە ئاو گەیاندن لە ناو هۆڵەکان بووە لە سەرەتا, لە ژورەوە دەستیان بە ئاو گەیاندووە, میزوو پیساییان کردۆتە ناو قوتی و سەر چەمنەتۆکە, یان لە دەرگاوە کردویانەتە دەرەوە, یاخود بە کۆمەڵ یان گروپ گروپ رۆژانە دووجار بردراون بۆ ئاودەستەکان, لە ژێر چاودێری و هەندێك جار بە لێدان , کە سەربازگەکە 3 کۆمەڵە ئاودەستی تێدا بووە, هەر کۆمەڵەی 17 ئاودەست بووە, بەڵام زیندانیان لە تۆبزاوە, کێشەی تێنویەتیان وەك سەربازگەی نگرە سەلمان نەبووە.

یەکێك لەو گەنجە کەمانەی کە لە تۆپزاوا ڕزگاریان بوو, ئاوا باسی خواردنەکەیان دەکات:"چاکتر وایە هەر باسی نەکەین، تۆ ئەگەر برسیت نەبوایە قەت نەتدەخوارد، جۆرە شۆربایەك بوو تەنها لەگەڵ ئێسقانی ڕووتداو ڕۆنێکی زۆری بە سەرەوە بوو و هەموو کەس نەخۆش کەوتن". زۆربەی گیراوەکانی تۆپزاوا ئەمەشیان دەست نەدەکەوت بەڵکو ڕۆژانە هەرکەسە و دوو سەموونی بچووکی کۆنی وشکهەڵاتوویان دەدانێ لەگەڵ تۆزێك ئاودا. هەندێکیش خواردنی هەر بەرنەدەکەوت., زۆرینەیان تەنها باسی سەموونە رەقەکە دەکەن رۆژانە پێیان دراوە
لە سەربازگەی تۆبزاوە لە گەیشتنیانەوە تا ناردنیان, بەتایبەت ئەوانەی بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە ئۆتۆمۆبیلی داخراودا نێردراون مردن زۆر هەبووە, هەروەها منداڵ بوونیش لە ئاودەست و ناو هۆڵەکان لە کاتی گواستنەوەدا هەبووە.
ئەنفالکراوان ئەو چەند رۆژەی لە سەربازگەی تۆبزاوە بوونە, کێشەی نوێژکردن و راپەڕاندنی سرووتە ئاینییەکانیان هەبووە, بە تایبەت لە مانگی رەمەزاندا کە هیچ خواردنێکیان نەداوە پێیان.
هەروەها بەهۆی قەرەباڵغییەوە ئەو هۆڵە گەورانە کە پانتاییان نزیك 400 مەتر بووە , زۆریان لە پیاوان کردووە شەو تا بەیانی دەستەو ئەژنۆ لە سەر چیچکان دانیشن و هەر کەسێ بیویستایە هەڵبسێتە سەر پێ دارکاری کراوە لە لایەن حەرەسەکانەوە, بەهۆی نە خەوی و دانیشتن لەسەر چوچکان زۆریان لە بەر پیری و بە هۆی بێهێزییەوە لە هۆشی خۆیان چوونە.

ڕەوانە کردن

سەربازگەی تۆبزاوە شوێنی کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەنفالکراوان بووە بۆ زیندان و جێگاکانی دیکە, زیندانیانی تۆبزاوە زۆرینەیان لە رۆژێك بۆ سێ و چوار رۆژ لەوێ ماونەتەوە, هەندێکی کەمیش زیاتر, سەرەتا ژن و پیاوە پیرەکانی سەروی پەنجا ساڵیان بۆ نگرە سەلمان ناردووە, دوای سێ رۆژ لە ئاوەدانکردنەوەی تۆبزاوە, یەکەم وەجبەی زیندان نێردراوە بۆ زیندانی نگرە سەلمان.
بە هەمان شێوە ژن و منداڵیش نێردراون بۆ سەربازگەی دوبس, کوڕە پیاوە گەنجەکانیش بە ئۆتۆمۆبیلی داخراو نێردراون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان.
بە پێی شوێنەواری قوربانیانی ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکانی تەل شێخییە و وتەی تەیمور رزگاربووی گۆڕە بە کۆمەڵەکان, بەشێك لە قوربانیان ڕاستەوخۆ لە تۆبزاوەوە بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان نێردراون, بە پێی بەرگەکانی بەریان لە وەرزی سەرمای ئەو ساڵە واتا ناوەڕاستی مانگی چوار بۆ ناوەڕاستی مانگی پێنج نێردراون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان, هەروەها بە پێی وتەی شایەدحاڵەکانی نگرە سەلمانی ئەنفالی چوار, ژن و منداڵیان لە رێگا بینیوە لە کاتی بردنی ئەوان بۆ زیندانی سەربازگەی نگرە سەلمان, نەزانراوە بۆ کوێ دەبردرێن.
لە ناو ئەنفالکراوان زیندانیانیش هەبووە لە تۆبزاوە ماوەتەوە تا لێبوردنەکە . هەرچی ئەنفالکراوانی کیمیابارای شاری هەڵەبجەیە ئەوان لە یەکتر جیا نەکراونەتەوە, هەموویان پێکەوە نێردراون بۆ زیندانی سەربازگەی نگرە سەلمان.
عوزێر یەکێك لە دەربازبووانی گۆڕە بە کۆمەڵەکانە بەم شێوەیە کاتی رەوانە کردنی خۆیان دەگێڕێتەوە" تەماشای کردبوو هەر پیاوە و بە زنجیرە ژمارەیەکی دراوەتێ و ژمارەکەی ئەم 375 بوو، ئەوان هەر کە ناوەکانیان بانگ دەکرا دەس بەجێ لە قاوشەکە دەبرانە دەرەوە و هەشت هەشت کۆمەڵیان دەکردن. بە جووتە بە یەکەوە کەلەپچە کرابوون و پێڵاوەکانیشیان بردن، گەلێ جار پیاوەکان چاویشیان بەستراوەتەوە و بە پێی قسەی هەندێ کەسیش جلوبەرگیان لەبەردا نەهێشتوون و تەنها دەرپێیان لە پێدا ماوە. دواجار خستوونیانە ئەو ئۆتۆمبیلە شوومە بێ پەنجەرانەوە کە بە ڕەنگی سپی یان سەوز بۆیە کرابوون، وایش باسدەکرێن کە پاس، ئەمبولانس یان بار هەڵگری داخراو بوون.
ئەم ئۆتۆمۆبیلانە ئەوەندە پڕ کراون, هاوکات بە هۆی داخراوی تەنگە نەفەس بوونە, ئەو چەند کاتژمێرەیان وەك ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکان بووە بۆ ژن و منداڵەکان, زۆر لە منداڵەکان پێش گەیشتنیان بۆ ناو گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە رێگا مردوونە.

گۆڕی بە کۆمەڵ

تا ئێستا سەربازگەی تۆبزاوا یەك گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراوەتەوە, کە لە نێوان 80 بۆ 81 روفاتی تێدا بووە " بە وتەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان 81 روفاتە, وەلێبە پێی ژمارەی گۆڕەکان 80 گۆڕە", بەشێك لە روفاتەکان شوێنەواری گولە بە جەستەیانەوەیە, پێی دەچێت کۆمەڵکوژی پیاوە گەنجەکان لێرەوە دەستی پێکردبێت. ێشتا پشکنینی ورد بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری هەموو گۆڕە بە کۆمەڵەکان لە سەربازگە 122 دۆنمییەکەی تۆبزاوە نەکراوە.

## نەخۆشی

هۆڵەکانی سەربازگەی تۆبزاوە جگە لەوەی چەمنتۆیەکی رەق و تەق بووە, هاوکات پیسیش بوون, ناو هۆڵەکان وەك زبڵدانێکی بۆگەن وا بووە, تەنانەت زیندانییەکان پیساییەکانیشیان زۆربەی کاتەکان لە هۆڵەکان کردووە, چونکە دەرگایان لێ داخراوە لێیانیان نەکردۆتەوە, بە هۆی سك چوونیشەوە زیاتر هەراسان بوونە, زەوییەکە تەڕ بووە, زیندانییەکان لە سەر زەویە رەقە ساردە تەڕە خەوتوونە بە برسێتی و سەرما, نەبوونی بان و بن, هاوکات پانکەکان وەك سزا بەو سەرمایە هەڵکراون و پەنجەرەکانیش شوشەیان پێوە نەبووە, زۆربەی زیندانییەکان جل و بەرگی پێویستیان لەبەر نەبووە, کۆکە و سك چوون و تیفۆئید و گرانەتا لەناو زیندانییەکان بڵاو بۆتەوە, لە مانگی دوانزەی ساڵی رابردووەوە"1987"ەوە, گرانەتاو تیفۆئید لە ناوچەکانی ئەنفالی سێ و چوار بە بەربڵاوی بڵاو ببوەوە, بەهۆی نەبوونی چارەسەرەوە بەردەوامی هەبوو, وێڕای ئەم هەموو نەخۆشییە پزیشك و چارەسەریش نەبووە, تەنها لە هەندێك حالەتدا کە ئەوانیش زۆریان مردوونە.

## دەستدرێژی سێکسی

هەرچەندە زیندانیان ماوەیەك کەم لە سەربازگەی تۆبزاوە ماونەتەوە, بەڵام لەو ماوە کەمەشدا کچان و ژنان بێ بەری نەبوونە لە پەلاماری سێکسی, هەندێك دەڵێن کچە جوانەکانیان جیا کردۆتەوەو بردوویانەو ئیتر نەبینراونەتەوە, زۆر شایەدحاڵ هەبوونە شایەدییان داوە لەسەر ئەوەی پەلاماردانی سێکسی هەبووە لە زیندانی سەربازگەی تۆبزاوە.

## بۆ نەدۆزرانەوە

لە دوای روخانی سەدام, دەکرا هەیکەلی بەڕێوەبەری ئەم کەمپانەی راگرتن و ناردنی ئەنفالکراوان ئاشکرا بکرابانایا, لە کاتێکدا سەربازگەی تۆبزاوە و دووبز لە ژێر دەسەڵاتی ئەمنی شاری کەرکووکدا بوونە, لە پێشوازیەوە بۆ ناردن و بەڕێوەبردن.
دەڵێن سەربازگەی تۆبزاوە بە چڕی ئابلوقە دراوەو چاودێری توندو تۆڵ کراوە, کەس لەو پرۆسەیە هەڵنەهاتووە, بەلام هیچکام لەوانە نەدۆزرانەوە.
حەرەسەکان بەرگی مەدەنی لە بەریان بووەو پێی دەچوو ئەمن بوبێتن, چونکە سەربازگەکە ئەمنی پارێزگای کەرکووك بەڕێوەی بردووە, هەندێك جەیشی شەعبی لە تورکمانەکانی ناوچەکە لەوێ بوونە, بەڵام زوو لایانیان داوە. تا ئێستا بەرپرسانی ئەم کامپانە, هەیکەلی بەڕێوە بردنی نەدۆزراونەتەوە.
ئەمە پرسیارێکی شەرمەزاری کەر بوو, کاتێك لە پرۆسەی دادگایی ئەنفالدا, هەردوو تاوانبار حوسێن رەشید و سەدام حوسێن باسی ئەوەیان کرد, ئەم حەجاجە هەر ناوی دووبارە دەبیتەوە, مەعقولە بەم هەموو پارە و کات و دەسەڵاتەوە نەزانرا کێیەو تا ئێستا نەدۆزرایەوە؟, مەعقولە بەڕێوەبەری سەربازگەی تۆبزاوەو نگرە سەلمان نەدۆزرانەوە؟. ئایا مەعقولە حکومەتی عێراق و کوردستان.

سەرچاوەکان:

- ئاوشفیتز تۆبزاوە دالیا عومەر 2015 کەرکوك چاپخانەی کارۆ
- هەڵەبجەییەکانیش ئەنفالکران گوڵاڵەی گەرمیان چاپخانەی کارۆ 2024

- سی دی دۆسیەی ئامادەکراوی ئەنفال  لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە.
- محکمە الانفال  اعداد ریکار مزوری بمساعدە محامی اياد کاکەیی
- بەرنامەی بەڵگەنامەیی  خۆم لەوێ بووم , تەلەفزیۆنی ئازادی,کەناڵی گەرمیان
- جینۆساید لە عێراقدا ..پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد  - هیومان ڕایتس ووچ/ میدڵ ئیست ووچ  چاپی سێیەم  2013  چاپخانەی کەماڵ  - وەرگێران لە ئینگلیزییەوە  محەمەد حەمەساڵەح تۆفیق
- لە تاوانی ئەنفالدا: ژنێك ویستی بمرێ,کەچی ژیا! - دلێر کەریم  رێگای کوردستان ژمارەی تایبەت 2023-4-11

009647503714620